# ڕێچکەکانی ڕستەسازی لە کاری بوونی ئێستاییدا

د. شێرکۆ بابان

**دەستپێک:**

لە تەون و تۆڕی شرۆڤەکارییەکای ئێمەدا ڕێزمانی کاری «بونی ئێستایی» زۆر زۆر گرنگە. هەر لەبەرئەوە حەزدەکەین لۆچی لێ ببڕین و نەهێڵین هیچ ڕوبەڕێکی بەچرچی بمێنێتەوە، بەداخەوە لە ڕێزمانی تۆمارکراودا، تەنانەت لە زمانانی دیکەشدا ڕێزمانی (بوون و هەبوون) زۆر بایەخی پێنەدراوەو بەشێوەیەکی ئەوتۆ پاک نەکراوە، کە بیرکردنەوەی ئێمە تەڕاو بکات. بەبۆچوونی ئێمە ڕێزمانی کاری (بوونی ئێستایی) بریتییە لە پێنگاڤی ژمارە (سفر) و لەو سفرەوە ڕوو دەکەین لە تەونی ڕێزمان و چین بەچین دەی پشکنین و لێکی دەدەینەوەو هەرسی دەکەین.

لەم نووسینەدا، دەمانەوێت ڕوو بکەین لەو ڕچە سەرەکییانەی کە ڕێزمانی کاری «بوونی ئێستایی» پێکدەهێنن. لەم توێژینەوەیەدا ڕێچکە سنتاکسییەکان دەخەینە بەر مەبەست، تا بزانین و تێبگەین لە نەخشەی بڵاوبوونەوەی ئەم کارە لەنێو تۆڕی ئاڵۆزی زمانی کوردیدا.

**یەکەم: بوونی ئێستایی بەڕووتی:**

کاری بوونی ئێستایی ڕێچکەیەکی سنتاکسی ڕووتی هەیە، کە نە (ناوهەڵگر)ەو نە(ئاوەڵناو هەڵگر). بۆ نموونە ئەگەر کەسێک پرسی (کێ یە؟). دەشێت سێ وەڵام ریز ببن وەک:

من(م)، تۆ(یت)، ئەو(ە)

یان ئەگەر بپرسی (کێن؟)

دەشێت هەرسێ وەڵامەکەی پێشوو ببن بە (کۆ)، وەک:

ئێمە(ین)، ئێوە(ن)، ئەوان(ن)

لەم هەڵوێستەدا، شەش کەسە ڕێزمانییەکە ریزدەبن سێتە جێناوی (م، یت، ـە، ین، ن، ن،) دەبێت بەنوێنەری کاری «بوونی ئێستایی»

منـ(م)
تۆیـ(ت)
ئەو(ە)
ئێمە(ین)
ئێوە(ن)
ئەوانـ(ن)

لەو شەش رستەیەدا کە سێتێکی تەواو پێکدەهێنن، کاری «بوونی ئێستایی»، پاڵی نەداوە، نە بە (ناو)ەوە، نە بە(ئاوەڵناو)ەوە، نە بە(ئامرازی پەیوەندی)یەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر شەش رستەکە راست و دروستن.

**دووەم: بوونی ئێستایی (ئاوەڵناوگر)**

ئەو شەش رستەیەی کەلەسەرەوە باسکران، دەشێت هەر بەسێتەکەی خۆیانەوە، (ئاوەڵناو)ێک بکەن بە(بارگە) و لەگەڵ خۆیاندا بیگوزەرێنن بەهەڵگرتن وەک:

من (ئاشت)م
تۆ (ئاشت)یت
ئەو (ئاشت)ـە
ئێمە (ئاشت)ین
ئێوە (ئاشت)ن
ئەوان (ئاشت)ن

ئەگەر لەم نموونانەدا، بارگەی ئاوەڵناوی (ئاشت) لە هەر شەش کەسەکەدا کەوتووەتە سەر رێچکەیەکی سنتاکسی کە جودایە لەوەی کە لەپێشتر باسکرا. هەر بۆ نموونە ئەگەر ئاوەڵناوی (ئاشت) لابرا، ئەوا رێچکەیەکی رووت و بێ بارگە پەیدادەبێت. ئەمەش لەپێشەوە باسکراوە.

**(ناو-هەڵگر)**

**سێیەم: بوونی ئێستایی (ناو- هەڵگری**

ئەو شەش رستەیەی کە لەسەرەوە باسکران، دەشێت هەر بەسێتەکەی خۆیانەوە (ناو)ێک بکەن بە (بارگە) و لەگەڵ خۆیاندا بیگوزەرێنن بەهەڵگرتن، وەک:

من (مەبەست)م
تۆ (مەبەست)یت
ئەو (مەبەست)ـە
ئێمە (مەبەست)ین
ئێوە (مەبەست)ن
ئەوان (مەبەست)ن

لەم نموونانە بارگەی ناوی (مەبەست) چووەتە جێی ئاوەڵناوی (ئاشت) و لەسەر هەر شەش کەسەکە کەوتووەتە گەڕ. لەم نموونانەدا کاری (بریتی لە..) بۆی هەیە بکەوێتە ئیش وەک:

من بریتی(م) لە (مەبەست)
تۆ بریتی(یت) لە (مەبەست)
ئەو بریتی یـ (ـە) لە (مەبەست)
ئێمە بریتی(ین) لە (مەبەست)
ئێوە بریتی(ن) لە (مەبەست)
ئەوان بریتی(ن) لە (مەبەست)

بەبەراوردێک لەگەڵ نموونەکانی پێشوودا، دەردەکەوێت کە دەستەواژەی (بریتی لە..) زۆر جوانتر و کاریگەرترە بۆ گوزەراندنی (ناو) لەگەڵ کاری (بوونی ئێستایی)دا.

**چوارەم: کاری (بوونی ئێستایی) لەگەڵ ( ئامرازی پەیوەندی)**

کاری (بوونی ئێستایی) بۆی هەیە کە ئامرازێکی پەیوەندی بکات بە (بارگە)، لەگەڵ ئەوەشدا ئامرازەکەش خۆی بەخۆی دەتوانێت بارگەیەک هەڵبگرێت لەچەشنی (کۆمەڵەی ناو)، وەک:

بۆ (من) ــ تۆ {بۆ(من)}یت
لە( تۆ) ــ ئەو{لە(تۆ)}یە
لە (ئێوە)دا ــ ئەوان {لە (تێوە)دا)}ن
لە (ئێوە)وە ــ ئەو {لە (ئێوە)وە}یە
بە (من) ــ پارەکە {بە(من»}ە
بە (ئەو) دا ــ دەرزییەکە {بە (ئەو)دا}یە
بە (ئەوان)ەوە ــ تۆ (بە {ئەوان)ەوە}یت

لەڕاستیدا، مەرج نییە هەر (جێناو) بەکاربهێنین، چونکە ئەم دەرگایە کراوەیە بەتەواوی بۆ (کۆمەڵەی ناو) و رێزمانی کۆمەڵەی ناوی پێدا دەڕوات.

لەگەڵ ئەوەشدا حەشارگەیەک هەر دەمێنێتەوە کە بریتییە لە پەسەندکردنی (جێناوی لکاو) لە بارگەی بوونی ئێستاییدا، بۆ نموونە.. دەگوترێت:

ناردی بۆ (من) ــ ناردی بۆ(م)
کەچی ناگوترێت :
بۆ (من)ـە ــ {بۆ(م)ـە}

**پێنجەم: کاری بوونی ئێستایی و(هەبوون):**

کاری بوونی ئێستایی هەر لەبنەجەوە لقێکی خۆی

بەخشـیـوە بەکـاری (هەبوون). بەواتایەکی دی، کـاری ( بوونی ئێـسـتـایی) پێـشـگری (هە)ی وەرگـرتووەو دارشـتـەیەکی بەخـشـیـوە بەزمـانـەکـە، لە چەشنی کـاری دارێژراوی (هەبـوون). ئەم کـارە هاورێزمـانە لەگـەڵ کـاری (بوونی ئێستایی)، وەک:

من هە (م)

تۆ هە (یت)

ئەو هەیـ (ـە)

ئێمە هە(ین)

ئێوە هە (ن)

ئەوان هە(ن)

ئەم رێچکەیەش (سـێت) پێکدەهێنێت بۆ هەر شـەش کـەسـە رێزمـانـیـیـەکـە و لە رووبەری زمـانـەکـەدا هەر ئەو سێتەی هەیەو ئەو سێتەش، وەک (هە)ی وەرگرتووە، لێی قەدەغەیە کە هیچ بارگەیەکی دی وەربگرێت.

**بوونی ئێستایی و دەمکاتی ئایندە:**

بەجـودایی لە سـەرپاکی کـاری زمـانـەکـە، کـاری (بوونی ئێستایی) دەمکاتی ئایندەی هەیەو ئەو دەمکاتە جودایە لە (دەمکاتی رانەبردوو)، بێ گـومـان ئەم دەمکـاتـە ئەو پێنج رێچکە سنتـاکـسـیـیـە دەگـرێتـەوە کە لە خـاڵـەکـانی (یەکەم، تا پێنجەم)دا باسکراون، هەر لەبەرئەوە دەتوانین نموونەیەک هەر رێچکەیەک لە وەربگرین و دەمکاتەکەی کە بریتییە لە رانەبردوو، بکەینە دەمکاتی ئایندە، وەک:

| رێچکەی رستەسازی | دەمکاتی رانەبردوو | دەمکاتی ئایندە |
|---|---|---|
| بوونی ئێستای بەرووتی | من(م) | من(دەبم) |
| بوونی ئێستایی لەگەڵ (ئاوەڵناو) | من ئاشت(م) | من ئاشت(دەبم) |
| بوونی ئێستایی لەگەڵ (ناو) | من مەبەست(م)<br>من بریتی(م)لەمەبەست | من مەبەست(دەبم)<br>من بریتی دەبم لە مەبەست |
| بوونی ئێستایی لەگەڵ (ئامرازی پەیوەندی) | من لە ئێوە(م) | من لە ئێوە(دەبم) |
| بوونی ئێستایی لە (هەبوون) دا | پارە(هەیە) | پارە(دەبێت) |

لەو نموونـانـەدا، کـــاری (بریتی بوون لە...) و کـــاری (هەبـوون) بریتـیـین لە سـەلمێنەری (دەمکاتی ئایندە) لە خاکی (بوونی ئێستایی)دا، چونکە ئەو دوو کارە بریتی نین لە (بوونی بوونایەتی).

خـوێنەری زیت و زرنگ و رێزمـاننووسی ژیرو بلیـمـەت دەتوانێت هەست بەوە بکات کـە ئەو نموونانە بریتـیـین لە (دەمکاتی ئایندە) بۆ کـاری (بوونی ئێـسـتـایی) نەک لە رێژەی کاری (بوونی بوونایەتی).

**کاری بوونی ئێستایی و دەمکاتی رابردوو:**

بەتـەریبی لەگـــەڵ دەمکاتی رانەبردوو و دەمـکاتی ئایندەدا، دەمکاتی رابردووش ریزدەبێت وەک:

| رێچکەی رستەسازی | دەمکاتی رابردوو | دەمکاتی رانەبردوو | دەمکاتی ئایندە |
|---|---|---|---|
| بوونی ئێستای بەرووتی | من بووم | من(م) | من(دەبم) |
| بوونی ئێستایی لەگەڵ(ئاوەڵناو) | من ئاشت بووم | من ئاشت(م) | من ئاشت(دەبم) |
| بوونی ئێستایی لەگەڵ (ناو) | من مەبەست(بووم)<br>من بریتی(بووم)<br>لە مەبەست | من مەبەستم<br>من بریتی(م)<br>لە مەبەست | من مەبەست(دەبم)<br>من بریتی دەبم<br>لە مەبەست |
| بوونی ئێستایی لەگەڵ(ئامرازی پەیوەندی) | من لە ئێوە(بووم) | من لە ئێوە(م) | من لە ئێوە(دەبم |
| بوونی ئێستایی لە(هەبوون دا) | پارە(هەبوو) | پارە هەیە | پارە(دەبێت) |

بێ گـومـان ریزکـردنی هەرسێ دەمکاتەکـە پێکەوە تەمـومـژی (دەمکاتی ئایندە) دەرِوێنێـتـەوە، بەتـایبـەتی لەئاستی کاری (بریتی بوون لە...) و کاری (هەبوون)دا. ئەم دوو کـارە مکومـتـرن، چونکە دارێژراون بە (بریتی لە...) و بەپێشگری (هە).

**رێچکە تێپەرەکانی بوونی ئێستایی:**

کاری بوونی ئێـسـتـایی پێنج رێچکەی تێنەپەری هەیەو لە هەر پێنج رێچکەیەشـدا بۆی هەیە وەربچەرخـێت بۆ دیوی (تێـپـەڕ)، بەڵام هەرجـارێک بۆ مـەبەسـتـێکی تایبەتی، یان بۆ پڕکردنەوەی جێگەی کارێک کە زمانەکە

www.karwang.net

پێویستی بێت. ئەوەش لەیاد نەکەین کە لە هەر وەرچەرخانێکدا کاری (بوونی ئێستایی) چەند ئاکارێک وەردەگرێت، وەک:

**یەکەم**: هێزی رستەکە لە(تێنەپەڕ)ەوە دەگۆڕێت بۆ (تێپەڕ).

**دووەم**: بکەری رستە رەسەنەکە دەگۆڕێت بۆ (بەرکار).

**سێیەم**: وەرچەرخانەکە بەزۆری بەسەر کەسی سێیەمی تاکدا دەچەسپێت.

**چوارەم**: لە دیوی وەرچەرخاودا، رستەکە شەبەنگی (بەرکار)ێک هەڵدەگرێت بۆ کەسی سێیەمی تاک.

**پێنجەم**: دیاردەی وەرچەرخانە کە مەبەستێکی نوێی دەهێنێتەکایەوە، بۆ پڕکردنەوەی واتای کارێکی تر.

بۆ نموونە، رستەی (ئیش هەیە) وەردەچەرخێت بەسەر هەر شەش کەسە رێزمانییەکەدا، وەک:

ئیش هەیە : من ئیشم هەیە (تێپەڕ)

یان ..... هەیە : من ........ هەمە (تێپەڕ)

لەم گەمەیەدا هێزی تێپەڕین گۆڕاوە بۆ (تێپەڕ) و بکەری (ئیش) گۆڕاوە بۆ بەرکاری . یان لە نموونەی دووەمدا، بکەری نادیار لە ( ...هەیە)دا، گۆڕاوە بۆ بەرکاری نادیار لە ( من ..... هەمە)دا.

پاشان، هەردوو رستە تێنەپەڕکە (ئیش هەیە) و ( .... هەیە)، واتایان گۆڕاوە بۆ (خاوەنێتی) لە دیوی تێپەڕدا (من ئیشم هەیە) و (من ..... هەمە).

ئێستاش دەتوانین، گشت ئەو بارانە ریز بکەین کە رێچکەی تێپەڕ دەردەخەن، وەک:

**یەکەم: بوونی ئێستایی بەرووتی:**

لەڕاستیدا هیچ نموونەیەکمان دەست نەکەوتووە لەسەر وەرچەرخانی (بوونی ئێستایی رووت). لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر رێساکانی وەرچەرخان بەکاربهێنین، دەتوانین قەوارەی بۆش و بێ واتای ئەم وەرچەرخانە پیشان بدەین، وەک:

من ( .....) مـ (ـە)

تۆ ( .....) تـ (ـە)

ئەو ( .....) یـ (ـە)تی

ئێمە ( ..... ) مان (ـە)

ئێوە ( .....) تان(ـە)

ئەوان (.....) یان (ـە)

بێ گومان، ئەم رستانە زرو بێ واتان بەرواڵەت، بەڵام زۆر کاریگەرن لە رستەسازیدا، هەر بۆ نموونە، ئەگەر رستەی یەکەم وەربگرین و خانە بۆشەکەی پڕبکەینەوە، ئەوا دەرگای هەندێک لە نهێنییەکانی زمانەکە دەکرێتەوە، وەک:

- دانانی (هە)ی هەبوون:

من (.....) مە ــ من (هە)مە

- دانانی وشەی (سەرما)

من ( .....) مە ــ من (سەرما)مە

- دانانی رێژەی رابردووی تەواو:

من ( .....) مە ــ من (ناردوو)مە

- دانانی وشەی (گەرەک):

من ( .....) مە ــ من (گەرەک)مە

- دانانی وشەی (پێویست)

من (.....) مە ــ من (پێویست)مە

- دانانی ئامرازی پەیوەندی (بۆ ئەو):

من (.....) مە ــ من (بۆ ئەو)مە

لەڕاستیدا سەرەداوێکی زۆر وردو ئاڵۆز لەتەون و تۆڕی زمانەکەدا دەدۆزرێتەوەو ئەو سەرەداوەیش زۆر رووبەری پاک و پاکیزەی رێزمانی کوردی دەدۆزێتەوە.

**دووەم: رێچکەی بوونی ئێستایی ئاوەڵناوگر:**

لەم رێچکەیەدا، وەرچەرخان پەیدا نابێت و بەهیچ جۆرێک رێچکەی (تێ پەڕ) بەدی ناکرێت.

**سێیەم: بوونی ئێستایی (ناو هەڵگر):**

لەم رێچکەیەدا، تەنها ئەو رستانە وەردەچەرخێت کە هەستکردنی لەش و دەروون دەردەخەن، وەک:

- سەرماو گەرما
- تاو نەخۆشی
- برسێتی و تینوێتی
- باری دەروونی

بۆ نموونە رستەی (سەرمایە) کە تێنەپەڕە وەردەچەرخێت بۆ شەش رستەی (تێ پەڕ)، وەک:

من (سەرما)مە
تۆ (سەرما)تە
ئەو (سەرما)یەتی
ئێمە (سەرما)مانە
ئێوە (سەرما)تانە
ئەوان (سەرما)یانە

**چوارەم: کاری بوونی ئێستایی لەگەڵ ئامرازی پەیوەندی:**

لەڕاستیدا، زۆر زۆر دژوارە کە بەچاوی بیر نموونەیەکی ئاوەها بدۆزیتـــەوە لەناو رووبەری فــــراوان و ئاڵۆزی ئاخاوتنی کوردیدا، هەر لەبەرئەوە وا دەساڵ پترە، ئێمە بیری لێدەکەینەوە، بەڵام ناتوانین بیخەینە سەر پەیوەندی نووسین. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک نموونەی (وەرچەرخاوی تێ پەڕ)مان دۆزیوەتەوە، کە ئاسانترینیان بریتییە لە کاری (پێ هەبوون) بەواتای (چشت پێ هەبوون)، وەک:

پارەم پێ هەیە
یان ـــ پێم هەیە

ئەم کارە وەک لەگەڵ (هەبوون)دا گەردان کراوە، لە ئاخاوتنی کوردیدا، لەگەڵ (بوونی ئێستایی) یشدا گۆدەکرێت، وەک:

پارەم پێ هەیە ــ پارەم پێ یە
...... پێم هەیە ــ پێمە

لە گۆشەنیگای ئیشەکانی ئێمەوە، پێدەچێت کە نموونەکانی کاری (هەبوون) رەسەنتر بن، چونکە رێزمانیترن و بەرجەستەترن. ئەمە گرنگی نییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە باری تێ پەڕی ئەو نموونەیە بسەلمێنین لە رستەدا، ئەو جۆرە رستەیە سیماکانی دیاردەی وەرچەرخان هەڵدەگرن، ئەو سیمایانەش وەک لەپێشەوە باسکران، بریتییە لە:

**یەکەم:** هەڵگرتنی شەبەنگی بەرکارێکی نادیار بەرانبەر بەکەسی سێیەمی تاک، وەک (پێمە، پێتە، پێیەتی، پێمانە، پێتانە، پێیانە). بێ گومان، ئەم شەش رستەیە، وەک رستەی وەرچەرخاو ناتوانن دەرباز بن لەو بەرکارە نادیارە.

**دووەم:** هێزی تێ پەڕین گۆڕاوە بۆ (تێ پەڕ)، چونکە سیمای (بەرکار) لەئارادایە.

**سێیەم:** لە دیوی تێپەڕدا، خاڵی چوارەم لەپێشەوە گوترا کە جێناوە لکاوەکان ناتوانن ببن بەجێناوی لکاو، وەک:

ئەو لە (ئەوان)ـە ـــ ئەو لێ(یان)ـە

بەڵام لەم جۆرە نموونەیەدا جێناوە جوداکان بەجوانی وەردەچەرخێن بۆ جێناوی لکاو، وەک:

بە (من)ـە ــ پێمە
بە (تۆ)یە ــ پێتە
بە (ئەو)ە ــ پێیەتی
بە (ئێمە)یە ــ پێمانە
بە (ئێوە)یە ــ پێتانە
بە (ئەوان)ـە ــ پێیانە

**چوارەم:** ئەم کارە (پێ هەبوون) مەبەستێکی تایبەتی تێدا هەیە و کەلێنێکی واتای پڕکردووەتەوە، چونکە (پارە هەبوون) و (پارە پێ هەبوون) زۆر زۆر جیاوازن بە (واتا)و هەر یەکێکیان لاپەڕەی سەربەخۆی هەیە لە ئەلبوومی ماری (تێ پەڕ)دا.

**پێنجەم: کاری بوونی ئێستایی و (هەبوون):**

نابێت ئەوە لەیاد بکەین کە دیاردەی (وەرچەرخان) زۆر بەجوانی و بەبەرجەستەیی دیارە بەکاری (هەبوون)، چونکە لە ئاخاوتنی کوردیدا، دیوە پێپەڕەکەی زۆر زۆر چالاکترو سەرمەشقترە لە دیوە تێ نەپەڕەکەی، لە خاڵی پێنجەم لەپێشەوە، گوترا کە شەش رێژەی تێ نەپەڕ هەیە بۆ کاری (هەبوون)، وەک

من هەم: ئێمە هەین
تۆ هەیت: ئێوە هەن
ئەو هەیە: ئەوان هەن

**پوختەکاری:**

بزاڤی سینتاکسی لەکاری (بوونی ئێستایی)ی تێ نەپەڕدا بەچەند رچەیەکدا چالاکی دەنوێنێت. وەک:

**یەکەم**: بوونی ئێستایی بەرووتی، وەک:
من (م) : ئێمە (ین)
تۆ (یت): ئێوە (ن)
ئەو (ە): ئەوان (ن)
**دووەم**: بوونی ئێستایی ئاوەڵناو هەڵگر، وەک:
من (ژیر)م: ئێمە (ژیر)ین
تۆ (ژیر)یت : ئێوە (ژیر)ن
ئەو (ژیر)ە : ئەوان (ژیر)ن
**سێیەم**: بوونی ئێستایی (ناو- هەڵگر)، وەک:
من (مەبەست)م : من بریتیم لە (مەبەست)
تۆ (مەبەست)یت : تۆ بریتیت لە (مەبەست)
ئەو (مەبەست)ە :ئەو بریتییە لە (مەبەست)
ئێمە (مەبەست)ین : ئێمە بریتین لە (مەبەست)
ئێوە (مەبەست)ن : ئێوە بریتین لە (مەبەست)
ئەوان (مەبەست)ن : ئەوان بریتین لە (مەبەست)
**چوارەم**: بوونی ئێستایی و ئامرازی پەیوەندی، وەک:
من (لە ئەوان)م : ئێمە (لە ئەوان)ین
تۆ (لە ئەوان)ن : ئێوە (لە ئەوان)ن
ئەم (لە ئەوان)ـە : ئەمان (لە ئەوان)ن
**پێنجەم**: بوونی ئێستایی لە (هەبوون)دا، وەک:
من (هە)م : ئێمە (هە)ین
تۆ (هە)یت : ئێوە (هە)ن
ئەو (هە)یە : ئەوان (هە)ن

سەرەڕای ئەو ڕێچکانە، چەند ڕێچکەیەکی (تێپەڕ)یش هەیە، وەک:

**یەکەم**: بوونی ئێستایی بەڕووتی، ئەم جۆرە رچەیە دیوی تێپەڕی نییە.

**دووەم**: بوونی ئێستایی (ئاوەڵناوگر)، ئەم جۆرە رچەیەش دیوی تێ پەڕی نییە.

**سێیەم**: بوونی ئێستایی (ناو- هەڵگر)، ئەم جۆرە دیوی تێپەڕ دەبەخشێت، بەڵام هەر بۆ هەستکردن بەنەخۆشی و بەئاووهەوا، وەک:
من (سەرما)مە : ئێمە (سەرما)مانە

**چوارەم**: بوونی ئێستایی و ئامرازی پەیوەندی، دیوە تێپەڕەکەی ئەم ڕێچکەیە زۆر ئاڵۆزەو هێشتا بەتەواوەتی یەکلایی نەبووتەوە.

**پێنجەم**: کاری بوونی ئێستایی لە (هەبوون)دا، ئەم ڕێچکەیە وەردەچەرخێت بەدیوی تێپەڕدا بۆ مەبەستی (خاوەنداری)
من (هە)مە : ئێمە (هە)مانە
تۆ (هە)تە : ئێوە (هە)تانە
ئەو (هە)یەتی : ئەوان (هە)یانە.

سەرەڕای ئەوەی گوترا، ئەو ڕێچکانە بۆیان هەیە بن بە(ئایندە) و بن بەگشت جۆرەکانی رابردوو، وەک
**یەکەم**: دەمکاتی ڕانەبردوو، وەک:
منم : من هەم : من هەمە
**دووەم**: دەمکاتی ئایندە، وەک:
من دەبم : من دەبم : من دەم بێت
**سێیەم**: دەمکاتی ڕابردوو، وەک:
من بووم : من هەبووم : من هەم بوو

لە کۆتاییدا، بەهیوایین کە جارێکی دی نەختێک لە تەمومژی ڕێزمانەکەمان ڕەواندبێتەوە

**سەرچاوە:**

– د. شێرکۆ بابان، حەشارگەی دەمکاتی ئایندە لە ڕێزمانی (بوون و هەبوون)دا، گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٩٧)، هەولێر ٢٠٠٥ .
– د. شێرکۆ بابان، نەخشەی ڕۆنانی ڕێژەی کار، هەولێر ١٩٩٩ .
– د. نەسرین فەخری، وەستانێک لەئاستی هەردوو فەرمانی (بوون)و (هەبوون) و (هە) و (هی)دا، کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی (٢٣-٢٤) بەغدا ١٩٩٢ .
– مەحموود فەتحوڵڵا، کار تەواوکردن لە زمانی کوردیدا. نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٩١ .